www.kurdistannet.org

9-7-2006 9:20 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئینەتەر نێت و بەكارهێنانی بەشێویەكی درووست ... ڕێژین ابراهیم

Rezhen@maktoob. com



ئینتەر نێت ئەو ئامێرە پێشكەوتووەیە كە بەهۆیەوە لەهەر شوێنێكی ئەم جیهانە بین دەتوانین ئاگاداری رۆداوەكان بین یاخود ئەو پێویستیانەی دەمانەوێت بتوانین بەدەستی بهێنین لەماوەیەكی كورتدا، لەسەرەتادا باسەكەمان تەرخان دەكەین بۆ دوو بەش ئەویش كۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە، كەهەریەكەیان خزمەتگوزاریەكی باشی هەیە سەرەتا لە كۆمپیوتەرەوە دەست پێدەكەین، كۆمپیوتەر لە ئێستادا ئگەر بگەرێین بۆ ئەو ئامارانەی كە ئامادەكراون كە هەموو جیهان زیاترە لە شەش ملیار خەڵك كە تائێستا 900 ملیۆن كۆمپیوتەر فرۆشراوە بەپی ی ئەو ئامارەی كەكراوە لە (80% بۆ90%) خێزانەكانی جیهان واتە بابلێین ئەوكەسانەی كە خێزاندارن كۆمپیوتەریان بەردەكەوێت، لەنێو ئەم ئامارانەدا ئامارێكی تر كراوە كە لە 80% خەڵك كە كۆمپیوتەر بەكاردەهێنی بەشێوەیەكی زانستیانە بەكاری ناهێنێت و 15% خەڵك بەشێوەیەكی زانستیانە بەكاری دەهێنن دیارە ئەگەر لەئێستادا سەیر بكرێت هەموو ئەو ئامارانەی ئامازەی پێدراوە بەشێوەیەكی راست كراوە چونكە لە ئەم سەردەمە كە سەردەمی پێش كەوتنە، هەندێك كەسان یان بلێین هەندێك خەڵك لەماڵەكاندا هەیانەو نازانن بەكاری بهێنن یان یان بەكاری دەهێنن بۆ یاری، واتە بەشێوەی نادرووست بەكاری دەهێنن، ئەمە لەبارەی كۆمپیوتە رەوە، ئەگەربێینە سەر ئینتەرنێت (بێڵگێست دەڵێت: ڕۆژانە بەبەردەوامی 560، 000هەزار كەس داخڵی سەرشەبەكەی ئینتەرنێت دەبن خۆیان فێری ئەنتەرنێت دەكەن بەكاری دەهێنن وە ئەو كەسانەی كە ئینتەر نێت بەكار دەهێنن ڕۆژانە بەبەر دەوامی 945 ملیۆن كەس لە گەڵیدا ئۆن لاینەon line واتە لەسەرخەتە لەگەڵیدا ئیتر لەبارەی (چات كردن، بەدواچوون، لێكۆڵینەوە) دیارە هەندێك لەو گەنجانەی كە ئێستا سەر قاڵی بەكار هێنانی ئینتەر نێتن هەندێ كات گەنجەكانمان سەرقاڵی گەرانن بەدوای مالپەرە سێكسیەكانەوە هەندێكیان خەریكی چات كردنن و زۆر بەشیان بۆ كات بەسەر بردن دەچنە سەر تۆرەكانی ئینتەر نێت و، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا جێگەی خۆشحاڵیە لەئێستادا زۆر بەی گەنجەكانمان سەرقاڵی بەكار هێنانی ئینتەر نێتن بەهەر وەسیلەیەك بێت كە ئەمە زۆر گرنگە لەئێستادا، بێڵگێست ووتی لەسەرەتای درووست بوونی یەكەم ویندۆزی ساڵی1995 رێژەی ئەو كەسانەی كە ئینتەر نێتیان بەكار دەهێنا ڕێژەیەكی زۆر كەم بوو بگرە بەپەنجەی دەست دەژمێردران بەڵام ئەم زیاد بوونە رۆژ بەڕۆژ و مانگ بەم! انگ ئەم ڕێژەیە زیادی كردوە تا ساڵی 2000 دا گەیشتە (30%بۆ31%) ی بەكارهێنەری ئینتەرنێت بەڵام بێڵگێست لە2000دا قسەیەكی كرد ووتی لەكۆتای ساڵی 2005دا دەست پی كرد ساڵی 2006 دادەگاتە زیاتر لە یەك ملیار خەڵك كە ئەو ئامارەی بێڵگێست ئامازەی پێدا راست بوو وە دەبینین لە زۆربەی ماڵ و دووكان و شوێنە گشتیەكانی وە زۆر بوونی ئەم كۆفی ئەنتەرنێتانە كە رۆژانە خەڵكی سەردانی دەكات وە ئەگەر سەیر بكەین لە زۆربەی ماڵاندا هەیە ئەگەر هەر خەتی ئینتەرنێتی رانەكێشابێت كۆمپیوتەری هەیە بەهۆی ئەم پێشكەوتنەوە كە ئێستا زۆرێك لە خەڵكە دەچێتە سەر تۆرەكانی ئینتەرنێت زیاد لە دوو ملیار مەوقع هەیە لەسەر شەبەكەی ئینتەرنێت ڕۆژانە بەبەردەوامی (250، 000) هەزار لاپەرەی پر لە زانیاری گشتی لە رێگەی ئەم (دوو ملیار) سایتەوە یان بابلێین لە رێگەی ئەم موقعانەوە داغڵی سەر شەبەكەی ئینتەر نێت دەبێت، بەمەش دەتوانین لەماوەیەكی زۆر كەمدا زۆرترین زانیاری لە هەموو بارەیەكەوە لەبارەی كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ! زانستی، جوگرافیا، مێژوو، تەنانەت رۆشنبیری سێكسی لەڕێگەی سایتی تایبەت یەوە بەڵام بەشێوەیەكی زانستیانە بەكار هێنانی یاخود زانیاری لەسەر لەشی مرۆڤ.... . هتد)